مەسعود بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی تورکیا لە عێراق دەکات

ئەمڕۆ دووشەممە 17ی ئاداری 2025 لە سەلاحەددین، مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئانل بورا ئینان باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە ئەرمان تێپچوو کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێریش ئامادەی بوو، بیرۆڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسی و دوایین پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا و ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و هەروەها سەردانی وەزیری وزەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان.

هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دیالۆگی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم و هەروەها هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تەوەری تری ئەو دیدارە بوو.